# چوار وشەم ووت؛ سێ جار، پاش ئەوەی تۆم جێهێشت، ئەگەر کێشان بکرێن لەگەڵ ئەوانەی تۆ ووتت لە بەیانیەوە ئەوا -ئەم وشانە- قورسترن

لە جوەیریەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پاش ئەوەی نوێژی بەیانی کرد لە سەرەتای بەیانیدا لەماڵەکەی دەرچوو، لە کاتێکدا ئەو (جوەیریە) لە شوێنی نوێژکردنی بوو (لە ماڵەوە)، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی چێشتەنگاو گەڕایەوە، وئەویش (جوەیریە) هەر دانیشتبوو، پێی فەرموو: «هەر لە سەر ئەو حاڵەیت کە جێمهێشتی؟»، ووتی: بەڵێ، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «چوار وشەم ووت؛ سێ جار، پاش ئەوەی تۆم جێهێشت، ئەگەر کێشان بکرێن لەگەڵ ئەوانەی تۆ ووتت لە بەیانیەوە ئەوا -ئەم وشانە- قورسترن: (سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، عَدَدَ خَلْقِهِ، وَرِضَا نَفْسِهِ، وَزِنَةَ عَرْشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ)^». ^(واتە: پاک وبێگەردی بۆ خودا، وحەمد وسوپاس بۆ ئەو زاتە؛ هێندەی (دروستکراوەکانی وڕەزامەندی خۆی وکێشی عەرشی ومەرەکەبی وشەکانی

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ماڵی دایکی ئیمانداران جوەیریە -ڕەزای خوای لێبێت- دەرچوو لە سەرەتای بەیاندا پاش ئەوەی نوێژی بەیانی کرد، وجوەیریە لە شوێنی نوێژکردنەکەی دانیشتبوو، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نیوەی ڕۆژدا گەڕایەوە لە کاتی چێشتەنگاو، وئەو -جوەیریە- هەر لە شوێنەکەی خۆی بوو، فەرمووی: هەر لە سەر ئەو حاڵەیت کە جێمهێشتی؟ ووتی: بەڵێ، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: چوار وشەم ووت لە پاش تۆ؛ وسێ جار دووبارەم کردەوە، ئەگەر لە ڕوانگەی پاداشتەوە کێش بکرێن لەگەڵ ئەوانەی تۆ وتت بە درێژایی ئەو کاتەی کە دانیشتبوویت؛ ئەوا وشەکانی من قورستر دەبوون: (سُبْحَانَ اللَّهِ:پاک وبێگەردی بۆ خودا)؛ دانپێدانان بەوەی هەموو کەموکورتیەك دوورە لە الله، (وَبِحَمْدِهِ:وحەمد وستایش بۆ ئەو)؛ هەموو ستایشێکی جوان هەر بۆ ئەوە وئەو ڕێنموێنی کردووین بۆ ووتنیان، (عَدَدَ خَلْقِهِ:هێندەی ژمارەی دروستکراوەکانی)؛ کە تەنها الله ژمارەیان دەزانێت، (وَرِضَا نَفْسِهِ:وهێندەی ڕەزامەندی خۆی)؛ بە پێی ڕازیبوونی لە ئەوانەی ڕازیە لێیان لە بەندەکانی وئەمیش سنوورەکەی نازانرێت، (وَزِنَةَ عَرْشِهِ:وهێندەی کێشی عەرشەکەی)؛ کە مەزنترین وقورسترین خوڵقێنراوە، (وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ: وهێندەی مەرەکەبی وشەکانی)؛ وشەکانی الله لە ژماردن نایەن ولە ناو ناچن، ئەمەیان هەرسێ بەشەکە دەگرێتەوە؛ چونکە وشەکانی الله -سبحانه وتعالى- سنوورەکەی وسیفەتەکەی وژمارەیان کۆتایی نایەت، بەڵام مەبەست: زێدەڕۆییە لە زۆریدا؛ چونکە یەکەم جار شتێکی باسکرد کە لە ژمارەدا سنووردارن؛ ژمارەی خوڵقێنراوەکان، پاشان بەرز بوویەوە بۆ شتێك کە گەورەترە وبە (ڕازیبوونی نەفسی خۆی) دەربڕی، دواتر کێشی گەورەترین خوڵقێنراو ئەمیش عەرشە، یەکەمیان ژمارە وچەندێتیە، ودووەمیان سیفەت وچۆنیەتیە، وسێیەمیان مەزنێتی وقورسیە.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee